حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

مافی مرۆڤ

پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی

دانەران

حەمە صاڵح حەمەئەمین   چێنەر عەلی جۆلا

چالاکیەکان

عەبدوڵا محمد ئەمین   ڕەحیم سلێمان
ئەمەل جەلال محمد

پێداچوونەوەی زانستی

یوسف عوسمان حەمەد

چاپی دەیەم   ٢٠١٦ زایینی – ٢٧١٦ کوردی – ١٤٣٧ کۆچی

سەرپەرشتی زانستی چاپ: یوسف عوسمان حەمەد

سەرپەرشتی هونەری چاپ: عوسمان پیرداود کواز
خالد سلیم محمود

تایپ و نەخشەسازی ناوەوە: ئالان کریم مولود

جێبەجێکردنی بژاری هونەری : شیماءیاسین

پێشەکی:

مافی مۆرڤ بە خودی مرۆڤەوە پەیوەستە، لە یاسا سروشتی و دانراوو ئایینـە ئاسمانییەکانەوە سەرچاوەمان گرتووە، گەر ئەو مافانە لە هەندێك بارو کاتدا رەها نەبن و سنوریان بۆ کێشرابێت بۆ بەرژوەنـدی کۆمـەڵ ئـەوا ئەمـەش لـە بەرژەوەندی مرۆڤ خۆیەتی، چونکە بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییەو تاکو بتوانێت لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا بە ئاشتی و برایانە بژی.

هەرچەندە تا ئێستا پێناسەیەکی گشتگیرو یەکلاکەرەوە بـۆ مافـەکانی مـرۆڤ نەکراوە، بەڵام دەتوانین بڵـێن (مـافی مـرۆڤ پێـوەر گـەلێکی سـەرکین و تـاك ناتوانێت بـێ ئـەوان ژیـانێکی شـکۆمەندانەی شایـستە بـە ئـادەمیزاد بەسـەر بەرێت).

مرۆڤایەتی خۆی بنەمای دادوەریی و ئاشتیەو رێزگرتن لە مـافی مـرۆڤ بـەرەو گەشەی تەواو بە کەسایەتی تاك و کۆ دەدات. مرۆڤ ئەو مافـەی بـۆ خـۆی بـە رەوای دەبینێ دەبێت بە هەمان شێوە بۆ مرۆڤی بەرامبەریشی بەرەوا ببینێت یان دەتوانین بڵێن کە ماف (هەموو ئەو بەرژەوەندییانەیە کە پێویستە رێزیان لێبگیرێت یان ئەو بەرژەوەندییانەیە کە بەپێی یاسا دەدرێن و دەپارێزرێن).

مافی ژیان

یەکێکە لەو مافە بنەڕەتییانەی کە بە مرۆڤەوە لکاوە، هیچ کەس و لایەنێك بۆی نییە لەبەر هەر هۆیەك بێت ئەو مافە لە مرۆڤ بسەنێتەوە، ئەم مافە لە زۆربەی ڕێککەوتننامەو پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان دوپات کراوەتەوە.

هەروەها لەسەر ئاستی نیشتمانیش وڵاتان ئەم مافە لە یاساو دەستورەکانیاندا دەچەسپێنن. ئایینە ئاسمانییەکانیش پیرۆزی مافی ژیانیان سەلماندوەو توندترین سزایان بۆ پێشێلکارانی ئەم مافە داناوە.

ئەم مافە بۆ سەرجەم مرۆڤەکان دوپاتکراوەتەوە بەبێ جیاوازیکردن لە نێوان مرۆڤێك و یەکێکی تر. پێشێلکردنی ئەم مافەش لە چەند بوارێکدا دەردەکەوێت وەك بەرپابوونی جەنگەکان کە تێیاندا مرۆڤەکان دەبنە قوربانی و سوتەمەنی ئەم جەنگانە، ئیتر چ جەنگاوەر بن یان خەڵکانی مەدەنی، بەشداری شەڕیان کردبێت یان نەیانکردبێت. هەروەها کاتێکیش مرۆڤەکان تاوانی کوشتن ئەنجام دەدەن دەبنە پێشێلکاری ئەم مافە بۆیە دەبینین لە یاساکاندا توندترین سزا بۆ بکوژان دەست نیشانکراوە. هەروەها پەیڕەوکردنی سزای لە سێدارەدان کە لە هەندێك وڵات پەیڕەو دەکرێت و لە زۆربەشاندا ئەم سزایە هەڵگیراوە، چونکە سزایەکی نامرۆڤانەی تەندەو نابێتە هۆی چاکردنی تاوانبارانو لەکاتی هەڵەکردن لە جێبەجێکردنی ئەم سزایە ناکرێت ئەم هەڵەیە چاکبکرێتەوەو ژیانی بێتاوانێك کە بە هەڵە ئەم سزایەی بەسەردا سەپێندرابێت بگێڕدرێتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی مافی ژیان لە مرۆڤ دەسێنیتەوە کە لە بنەڕەتدا مافێکی پیرۆزەو ناکرێت بسەندرێتەوە.

بارێکی دیکەی پێشێلکردنی ئەم مافە لە ناوبردنی کۆرپەیە لەسکی دایکیدا (لەباربردن) کە بە گوێرەی یاسا دانراو ئاسمانیەکان کارێکی نایاساییە، سزای هەیەو بە پێشێلکردنێکی گەورەی مافی ژیان دەژمێردرێت.
بەندی سێیەمی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ دەڵێ: " هەموو کەسێك مافی ژیانو ئازادیو لە خۆ دڵنیایی هەیە" واتە رێ نادرێ، بەهیچ بیانوویەك مافی ژیان لە کەس زەوتکرێ. بەندی یەکەمی جاڕنامەکەش دەڵێ: "هەموو مرۆڤ، ئازادو شکۆمەندو یەکسان لە دایکدەبن، هۆش و دەروونیان پێبەخشراوەو پێویستە برایانە رەفتار لەگەڵ یەکدیدا بکەن.". ئەم بەندە جگە لە مافی ژیان، مافی ئازادیو یەکسانیشی لە خۆ گرتووە.

ڕاهێنان

- یەکێك بە دەنگی بەرز بەندەکان بخوێنێتەوە.
- کێ بەباشی لە بەندەکان گەیشتووە بۆمانی باسکات.
- لەو بەندانەدا جگە لە ئازادیو شکۆمەندیو یەکسانی چیدی بەدی دەکرێ.
- شێوەکان پێشێلکردنی مافی ژیان بژمێرە؟

چالاکی

مامۆستای وانەی مافەکانی مرۆڤ.. وانەی چوارەم چووە پۆلەوە..
دوای رۆژباش لە خوێندکارەکانی پرسی:
کێ ئەمرۆ دەنگوباسێکی نوێی پێیە؟..
خوێندکارەکان هەندێ لەو هەواڵانەیان گێڕایەوە کە لە تەلەفزیۆن و رادیۆو رۆژنامەو گۆڤارەکانەوە وەریانگرتبوو..
مامۆستا دوێنێ شەو لە کەناڵەکانی راگەیاندن، چەندین دیمەنی ترسناك پیشان دەدرا، شەڕو پێکدادان لە نێوان شەرکەرەکاندا ببووە مایەی کوشتن و بریندار کردن و بەرکەوتنی خەڵکانی بێ تاوان.
مامۆستا وتی: ئەنجامدانی ئەم جۆرە شەڕو پێکدادانانە بەرامبەر بە مرۆڤ پەڵەیەکی شەرمەزاریە بەناوچەوانی ئەنجام دەرانی شەڕەوە.
مامۆستا لەسەر قسەکانی رۆیشت و وتی: ئێستا من زۆر دڵخۆشم بەوەی خوێندکارەکانم بە پەرۆشەوەو بەردەوام گوێ لە هەواڵەکان دەگرنو ئاگاداری رووداوەکانی ناوەخۆو دەرەوەن..
پاشان مامۆستا چەندین نمونەی دڵتەزێنی بۆ خوێندکارەکان هێنایەوە..
دواجار مامۆستا سێ گروپی لە قوتابیەکان درووستکرد.. وتی ئێستا من هەندێ پرسیارتان بەرەوڕوو دەکەمەوە.. بە ئومێدم هەر گروپە لەناو خۆیاندا وتوێژی لەسەر بکەن.. دەشتوانن لە دەرەوەی خوێندنگە لە گەلێك سەرچاوەی ترەوە زانیاری لەسەر وەڵامدانەوەی پرسیارەکان کۆبکەنەوە تابتوانن لەوانەی داهاتوودا نوێنەری هەر گروپە بێت لەبەردەم سەرجەم خوێندکارەکاندا راپۆرتی گروپەکەی بخوێنێتەوە.. بۆ ئەوەی بەڕاو بۆچوونی

ئامادەبووان ئەو راپۆرتانە پاکوپوخت بکرێن و لە پوختەی هەر هەموویان راپۆرتێکی دروست و لەبار دەربارەی مافی ژیان ئامادە بکەین.

پرسیارەکان:

- ئایا لە روانگەی ئایینی و یاساییەوە مرۆڤ تاوانی هەرچۆنێك بێت دەکرێت سزای کوشتن بدرێت؟
- ئایا دەتوانیت لە کوردستاندا دوو نمونەی رووداوی واقیعی لەو جۆرە تاوانانە بۆ هاوەڵە خوێندکارەکانت ئاشکرا بکەیت؟
- بەگوێرەی بەندی سێی جاڕنامەی جیهانیی دەتوانیت باسێکی زیاتری مافی ژیان بکەیت؟

مافی هاوولاّتیبوون

نیـشتمان یەکێکـە لـە بنـەماکانی دەولّـەت، لەسـەر نیـشتمانیش مرۆڤـەکان دەژین، بۆیە مرۆڤ مافی هاوولاّتیبوونی هەیە لە ولاّتەکەی خۆیدا، لـە بەنـدی ١٥ جاڕنامەی گەردونیدا هاتووە:

أ) هەموو کەسێك مافی هاوولاّتی بوونی هەیە.

ب) نابێت کەس مـافی هـاوولاّتیبوونی لێبـسەنرێتەوەوە، یـان نکۆڵی لـە مافی گۆڕینی بکرێت.

دروسـت بـونی پێوەنـدی لـە نێـوان هـاوولاّتیبونی و دەوڵەتـدا لـە رێگـەی رەگەزنامــەوە دەکرێـت کـە پێوەندیـەکی سیاسـیی‌و یاسـاییە مـرۆڤ بـە ولاّتەکەیەوە دەبەستێتەوە.

مرۆڤ لە رێگەی رەگەزنامەوە مافەکانی وەك مافی موڵکداری، مافی وەرگرتنی وەزیفەی گشتی.... هتد لە نێو ولاّتەکەیدا دەستەبەر دەکات و ئەرکەکانیشی لە ئەستۆ دەگرێت، بۆیـە نابێـت لـە هـیچ بـارو کاتێکدا رەگەزنامـە لـە مـرۆڤ بسەنرێتەوە.

مافی هاولاّتیبون دەبێتـە هـۆی دەسـتەبەرکردنی یەکسانبونی هاولاّتیـان لـە مافـو ئەرکەکانیدا کە دەبێتە هـۆی دروسـتبونی هەسـتی هاونیـشتمانیبون و پێکەوە ژیان بە ئاشتیانەو خۆشەویست بوونی نیشتمان.

کاتێك مرۆڤ ولاّتەکەی خۆی بەجێدەهێڵێت و دەچێتە ولاّتێکی تـرەوە، لـەپاڵ پاراستنی رەگەزنامە بنەڕەتیەکەی، مافی وەرگرتنی رەگەزنامەی ئەو ولاّتەی هەیە تاوەکو دەرئەنجام مافەکانی خۆی دەستەبەر بکات و شاد بێت بە مافی هاوولاّتیبون.

چالاکی:

مامۆستا بەشێوەیەکی سادە لەسەر تەختە ڕەشەکە لەنێو سێ بازنەی جیاوازدا دەنوسێت (کوردستان، فەڕەنسا، عێراق)و لە ژێر هەر یەکێکیاندا ئەم دەستەواژانە دەنوسێت.



مافی هاووڵاتیبون مافێکی سروشتیی‌و بنەڕەتی هەموو مرۆڤێکە.

مرۆڤ مافی داواکردنی ڕەگەزنامەی هەیە لەهەر وڵاتێك کە بیەوێت

مافی هاووڵاتیبون مافێکە نابێت کە زۆر لە هیچ کەسێك بسەنرێتەوە.

پاشان داوا لە خوێندکاران دەکرێت کە بە گوێرەی حەزیان بۆ بوون بە هاووڵاتی لە هەریەکێك لەو بازنانە دابەش ببن، دواتر ئەم پرسیارانەیان ئاراستە دەکرێت:

١– مافی هاووڵاتی بوون لای تۆ چ مانایەکی هەیە؟

٢– بەچ بڕوانامەیەك هاووڵاتی بوون دەسەلمێنرێت؟

٣– چی وایلێکردیت حەز بکەیت ببیتە هاووڵاتی یەکێك لەو بازنانە؟

٤– ئایا هیچ کەس و لایەنێك بۆی هەیە مافی هاووڵاتی بوون لە یەکێکی زەوت بکات؟

٥- ئایا جیاوازی لـه (رەگـەز، ئـاین، نەتـەوە) لـە دەوڵەتێکدا، هۆکارێـك دەبن بۆ بێبەشکردنی مرۆڤ لە مافی هاووڵاتیبوون؟

٦- هەڵوێـستت چـۆن دەبێـت ئەگـەر مـافی هـاووڵاتی بوونـت لێ بسەنرێتەوە؟ چ رێگەیەك بە گونجاو دەزانیت بۆ بەدەستێهانەوەی ئەو مافە؟

ئازادیی تاکە کەس

ئازادیی تاکەکەس لەمافە شارستانیو سیاسییەکانی مرۆڤن کە ئەم مافانە بە دوو خاڵی سەرەکی جوێدەکرێنەوە:

یەکەم: مافگەلێکن دەتوانرێ یەکسەر جێبەجێبکرێن. مەبەست لە راستەوخۆ جێبەجێکردن و رێزگرتنیان، دوانەخستنیانە، چونکە بە هەر بیانوویەکەوە پشتگوێخرێ، مەترسییەکی گەورە لەسەر تاکو شکۆمەندییەکی دروست دەکات.

دووەم: مافگەلێکن پێویستیان بە تواناو دارایییەکی زۆری دەوڵەت نییە. تەنیا ئەوەندە لەسەر دەوڵەت دەکەون کە پێشێلیان نەکات. بۆ نموونە ئەو بەڵێنە بەرێتە سەر کە بۆ ئەشکەنجە نەدانی مرۆڤ دەیدات، ئەویش لەوەندە زیاتری لەسەر ناکەوێت کە ئازارو ئەشکەنجەی کەس نەدات.

هەموو کەس لە هەڵبژاردنی بیروڕادا ئازادەو نابێ کەس بە زۆری شتێکی بەسەردا بسەپێنرێ کە خۆی بڕوای تەواوی پێی نەبێ.. مافی ئازادیو بیروڕا دەربڕین یەکێکە لە مافە سەرەکییەکانی مرۆڤ، تا رادەیەکی باشیش پێوەری دیموکراتی بوونی هەر رژێمێکی سیاسییە. مافی ئازادی بیرورا خۆی لە خۆیدا ئامانج نییە، بەڵکو شێوازێکە بۆ چاککردنی کۆمەڵگەو هەر یەکێك لە دەزگاو دەربڕینە جیاوازەکانی بۆ بەرزکردنەوەو پەرەپێدانێك کە بەرژەوەندی گشتی بێنێتە کایەوە، مەرجی وەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئازادە... مرۆڤ ئازادە بەشداری هەر کۆمەڵەو رێکخراوێك کە خۆی هەڵیبژێرێ.. دیسان پێویستە مرۆڤ بەپێی رێسای دەوڵەتەکەی، لە هەڵبژاردندا ئازاد بێتو بە بیانووی پڕوپووچ ئەو مافەی لێ زەوت نەکرێ.

بەندی نۆزەدەیەمی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ لەو ڕووەوە دەڵێ:

"هەموو کەسێك مافی ئازادی بیروڕاو رادەربڕینی هەیە، ئەم مافەش هەڵگرتنی بیروڕا بەبێ خۆتێکەڵکردنی کەسێکی دیکە و وەرگرتنی هەواڵ و

بیروباوەڕو بڵاوکردنەوەیان بەهەر شێوەیەك و بێ خۆبەستنەوە بەسنووری جوگرافی دەگرێتەوە".

ئازادییەکی دی تاکەکەس هەڵبژاردنی جلوبەرگە. نابێ بە هیچ جۆرێك جلوبەرگێکی تایبەتی بەسەر کەسدا بسەپێنرێ، رێبدرێ هەر کەسە بەدڵی خۆی جلوبەرگ لەبەرکات. کەسەکە روو لە هەرکوێیەك بکات دەبێ خۆی، لە ئەزموونی خۆیەوە دەرك بە شیاوی‌و نەشیاوی جۆری ئەو جلوبەرگە بکات کە هەڵیدەبژێرێ. لە هەموو دونیادا بەپێی رۆژگارو ئەو سەردەمەی کەسێکی تیادا دەژی، هەر شتە باوی خۆی هەیەو نابێ کەسیش بە زۆر لە هەڵبژاردنی شتێکی باوی سەردەمی خۆی بێبەشکرێ.

سەبارەت بە ئازادی هەڵبژاردن و پەیڕەوکردنی ئایین دەبێت رەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:

١- نابێت کەس دووچاری گوشارێك بکرێتەوە کە لە ئازادی ئایین و باوەر کەم بکاتەوە تەنها لەو بوارانەدا نەبێت کە یاسا بە پێویستی دەزانێت بۆ پاراستنی ئاسایشی گشتی و رژێمی گشتی و تەندروستی گشتی و خووڕەوشتی گشتی و مافی خەڵکانی تر و ئازادیە بنەڕەتییەکان.

٢- نابێت ئازادی لە دەستەبەرکردنی ئایین و بیروباوەڕ ببنە سەرچاوەیەك بۆ توندڕەویی.

٣- نابێت ئەو ئایین و باوەڕەی منداڵی پێ پەروەردە دەکرێت ببێتە هۆی زیان پێگەیاندنی جەستەیی و ئەقڵی و گەشەکردنی.

چالاکی:

ئەنجامدانی چالاکی (کارتی ئازادی بیروڕا) کە لەلایەن مامۆستاوە بەگوێرەی رێبەری مامۆستا جێبەجێدەکرێت.

مافی پەروەردە و فێرکردن

مافی پەروەردە و فێرکردن، بەمافی تاکە کەس دادەنرێ و دەبێ هەموو کەس مافی خوێندنی هەبێ و لانی کەم قۆناغی سەرەتایی بەزۆر بێ، چونکە یەکێك لە دەردە کوشندەکانی کۆمەڵ نەخوێندەوارییە. مافی خوێندن یەکێکە لە مافە سەرەکییە گرنگەکانن مافێکی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و رۆشنبیرییە، جگە لە هەموو ئەوانەش دەکرێ بە مافێکی شارستانی و سیاسی دابنرێ، چونکە کاریگەریی لەسەر کاری مافەکانی دی هەیە. کەسێکی خوێندەوار بێگومان زۆر بەئاگاترە لە ئەرك و مافەکانی خۆی وەك لە نەخوێندەوارێك. ئەمانەی خوارەوەش ئاماژە سەرەکییەکانی مافی خوێندنن:

یەکەم: دابینکردن...پێویستە دەزگاو بەرنامەی خوێندن بەشێویەکی رێکوپێك دابین بکرێن و بخرێنە بەردەست.

دووەم: ئاسانکاری بۆ گەیشتنی هەمووان بەو دەزگایانە، ئەویش بە:

- جیاوازی نەکردن: پێویستە لەلایەك یاساو لەلایەکی تریشەوە بە کردەوە خوێندن بۆ هەمووان بێت و بەهیچ شێوەیەك و لەسەر هیچ بنەمایەك جیاوازیی لە نێوان پێوەندیدارەکاندا نەکرێ.

- قوتابخانە و خوێندنگە لە نزیكماڵەکان و لە شوێنێکی وادا بکرێن کە هاموشۆکردن بۆی ئاسانبێ.

- لە ڕووی ئابووریشەوە، پێویستە خوێندنی سەرەتایی خۆڕایی بێ‌و هەوڵی بەردەوامیش بۆ بە خۆڕایی کردنی ناوەندی و ئامادەیی خوێندنی باڵا بدرێ.

سێیەم: پێویستە دانەرانی بەرنامەی خوێندن ڕەچاوی تایبەتمەندێتی ڕۆشنبیریی بکەن و شێوەو ناوەڕۆکی بەرنامەی خوێندن و شێوازی وتنەوەی زانستیانە بێت و دووربێت لە توندوتیژی.

جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤیش بەندی ٢٦ی بۆ مافی فێربوون تەرخانکردووە:

١- هەموو کەس مافی فێربوونی هەیەو دەبێ بەلای کەمەوە پلەی سەرەتاییو بنەڕەتییەکانی خوێندن بە خۆڕایی بن و دەبێ خوێندنی سەرەتایی بەزۆربێت و خوێندنی هونەریی و پیشەییش بڵاوبکرێتەوەو وەرگرتن لە خوێندنی باڵا بە یەکسانی تەواو بۆ هەمووان و بەپێی توانا ئاسانبکرێ.

٢- دەبێ ئامانجی پەروەردە، پێگەیاندنێکی تەواوی کەسایەتی مرۆڤ و پتەوکردنی ڕێزی مافەکانی مرۆڤ و دۆستایەتی لە نێوان هەموو گەلان و کۆمەڵە ڕەگەزیی یان چاوپۆشیکردن و دۆستایەتی لە نێوان هەموو گەلان و

کۆمەڵــە ڕەگــەزیی یــان ئاینییەکانــدا و زیــادکردنی کۆشــشی نەتــەوە یەکگرتووەکان بۆ پاراستنی ئاشتی بێت.

٣- باوکان و دایکان خاوەنی مافی یەکەمن لە هەڵبژاردنی شێوەی پەروەردە کردنی منداڵەکانیان.

چالاکی:

بەبیری خۆت چیرۆکێك لەسەر یەکێك لەم دوو بابەتەی خوارەوە ئامادە بکە:

١- پوورە گوڵە ئافرەتێکی نەخوێندەواری گوندنشینی تەمەنی (٤٥) ساڵە، لەشێوەی چیرۆکێکدا هۆکاری بێبەشبوونی لە مافی خوێندن لەبەر ڕۆشنایی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بنووسە:

أ- ئایا هۆی نەخوێندەواریی پوورە گوڵە چییە؟

ب- ئایا لە گوندەکەیان قوتابخانە هەبووە؟

جـ- ئایا ڕێگریی خێزانیی هەبووە لە بەردەم پوورە گوڵەدا بۆ چوونە نێو قوتابخانە؟

د- ئایا پوورە گوڵە حەزی دەکرد بخوێنێت؟

٢- هاوڕێ کوڕێکی تەمەن ١١ ساڵە و لە دوکانێکدا کار دەکات، لەگەڵ ئەوەی زۆر حەز لە خوێندنە، بەڵام بەهۆی کارکردنەوە لە مافی خوێندن بێبەشە.

لەشێوەی چیرۆکێکدا هۆکاری بێبەشبوونی لەمافی خوێندن لەبەر ڕۆشنایی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بنووسە:

أ- بۆچی هاوڕێ ناچێت بۆ قوتابخانە؟

ب- بۆچی هاوڕێ کاردەکات؟

ج- ئایا بە رای تۆ منداڵ دەبێت لەو تەمەنەدا کار بکات؟

د- ئایا دەوڵەت هیچ هاوکارییەکەی هاوڕێی کردوە بۆ ئەوەی لە مافی خوێندن بێبەش نەبێت؟

راهێنان

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە:

- بەرای تۆ هۆی نەخوێندەواری پوورە گوڵەو هاوڕێ جیاوازن؟
- پوورە گوڵەو هاوڕێ چ مافێکیان پێشێل کراوە؟
- کێ لە نەخوێندەوارێتی پورە گوڵە بەرپرسیارە؟
- دەبێت دەوڵەت چی بکات بۆ پوورە گوڵەو هاوڕێ تا لە خوێندن بێبەش نەبن؟
- هەڵوێستی تۆ چۆنە بەرامبەر کارپێکردنی منداڵ؟

مافی هاوسەرگرتن

بەندی (١٦):

(أ): پیاوو ژن کە گەیشتنە تەمەنی هاوسەرێتی مافی پێکهێنانی خێزانیان هەیە بە بێ گوێدان بە جیاوازیی رەگەزو ئایین.

(ب): مارە بڕی تەنیا بە رەزامەندی سەربەستانەی تەواوی ژن و پیاو دەبێت.

(جـ): خێزان یەکەیەکی سروشتی و بنەڕەتیی کۆمەڵگەیە مافی پاراستنی هەیە لەلایەن کۆمەڵگەو دەوڵەتەوە.

خێزان یەکەیـەکی کۆمەڵایەتییـەو کۆمەڵگـەی لەسـەر دروسـت بـووە، مـرۆڤ و ژیان پێویستیان بە هاوسەرێتی هەیە تا بەردەوام بن، مرۆڤ دەبێت ئازاد بێـت لـە هاوسـەرگرتن، بەشـێوەیەك کـە ئـیرادەی خـۆی تێـدا بەرجەسـتە بکـات، چونکە لە بنەڕەتدا هاوسەرێتی بریتییە لـە یـەکگرتنی ئـیرادەی ژن و پیـاو و ڕەزامەنـدییان لەسـەر پێکهێنـانی خێـزان. یاسـا ڕۆڵـی ڕێکخـەر دەبینێـت لـە دیاریکردنی ماف و ئەرکی ژن و پیاو پاشان دیاریکردنی چارەنووسی (منداڵ) لە ڕێگەی چەسپاندنی ڕەچەڵەك و ئەو مافانەی لێی دەکەوێتەوە.

لە هاوسەرێتیدا دەبێت ئەم خاڵانە ئەنجام بدرێت:

١- بەپێی یاسا کاتێك هاوسەرێتی دروست دەبێت کە بە ڕەزامەندی هەردوولا بێت و زۆرە ملێی تیا نەبێت. پێویستە بـە شـێوەیەکی ئاشـکراو روون لـەلای دادگای باری کەسێتی ڕەزامەندییان بخەنە ڕوو.

٢- تەمـەنی هاوسـەرێتی دەبێـت لـە (١٥) سـاڵ کـەمتر نـەبێت، لـە ڕووی یاساییەوە هاوسەرێتی دروست نابێت گەر لەو تەمەنە کەمتر بێت.

٣- پێویـستە تۆمـارکردنی گرێبەسـتی هاوسـەرێتی لـەلای دادگـای بـاری کەسێتی بێت.

٤- دەوڵەت دەبێت کار ئاسانی بۆ هاوسەرێتی بکات، پاراسـتنی یاسـایی بـۆ تایبەتمەندیی ژیانی خێزان دەستەبەر بکات.

چیرۆك:

قوتابخانەیەكی كچان ژووری بەڕێوەبەر.

دایك: رۆژ باش مامۆستا.

بەڕێوەبەر: ژیانت باش.

دایك: مامۆستا دەمەوێت كچەكەم بگوێزمەوە بۆ قوتابخانەیەكی تر، بەڵكو بەڵگەنامەی گواستنەوەی بۆ بكەیت.

بەڕێوەبەر: دەبێت لە پێشەوە رەزامەندی لەو قوتابخانەیەوە بهێنیت، پاشان بەڵگانامەی گواستنەوەی بۆ دەكەین.

دایك: مامۆستا رەزامەندیم هێناوە كە جێگایان هەیە.

بەڕێوەبەر: باشە خۆ ساڵی خوێندن زۆری نەماوە بۆچی بەم كۆتایی ساڵە دەیگوێزێتەوە؟ بەراستی كچەكەت زۆر باش و بەتوانایە.. ماڵتان گواستۆتەوە وا دەیگوێزێتەوە؟

دایك: نەخێر مامۆستا لەگەڵ هاوسەرەكەم جیابووینەتەوە ئێستا من دەچمەوە ماڵی باوكم و كچەكەشم لەگەڵ خۆم دەبەم... پێش هاوسەرێتیمان یەكترمان نەناسیبوو لێك تێگەیشتن لە نێوانماندا نەبوو لەو كاتەوە تا ئێستا ژیانمان هەر شەڕو ئاژاوە بوو چارەنووسی هاوسەرێتیمان بە جیابوونەوە كۆتایی هات.

بەڕێوەبەر: بەداخەوە كەواتە بەیانی دوو وێنەی كچەكەت بێنە.

ئەركی ماڵەوە:

ئەم پرسیارانە وەڵام بدەرەوە:

١- خێزان چییە؟

٢- پێكهاتەكانی خێزان چین؟

٣- بۆ دروست كردنی خێزانێك بەختەوەر مەرجەكانی هاوسەرگرتن كامانەن؟

٤- ئایا رێزگرتن لە راو بۆچوونی یەكتری مەرجە بۆ بەردەوامی و بەختەوەریی خێزان؟

٥- ئەو خێزانانەی كە هەمیشە شەڕو ئاژاوەی تێدایە دەرئەنجامی چۆنە؟

٦- بیرت كردۆتەوە، لە پاشەڕۆژدا چۆن هاوسەر بۆ خۆت هەڵدەبژێریت؟

پاراستن له توندوتیژی

بەندی (٥):

هیچ مرۆڤێك ئازارو ئەشكەنجە نادرێت و رەفتاری توندوتیژو دڕندانەی ئابڕوبەرانەی لەگەڵ ناكرێت.

هەموو كەسێك مافی پاراستنی لە توندوتیژیی و مامەڵەی ناڕەوا هەیە، جا دەسەڵات بیكات یاخود لەلایەن مرۆڤێكی ترەوە رووبەڕووی بكرێتەوە بەتایبەتیش بەكارهێنانی ئەشكەنجەو مامەڵەی ناڕەوای دژ بە كەرامەتی مرۆڤ، یاسا دەبێت مرۆڤ لە توندوتیژیی بپارێزێت، هەر مرۆڤێك دووچاری توندوتیژیی بووەوە مافی پەنا بردنە بەر دادگای هەیە، بۆیە پەنا بردن بۆ كاری توندوتیژیی و بەكارهێنانی هێز دژی مرۆڤ بە تاوان دادەنرێت. بەكارهێنانی شێوازە ناڕەواكان بۆ وەرگرتنی زانیاری دان پیانان (ئیعتیراف)و

دروستکردنی هەلومەرجی ترساندن و زۆر لێکردن بەمەبەستی هاندان بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندیی لەسەر کارێك بە پێشێلکردنی ئەم مافە دادەنرێت.
یەکێك لە جۆرەکان توندوتیژیی بریتیە لە کرداری ئەشکەنجەدان کە بە پێشێلکارییەکی سەرەکی مافەکانی مرۆڤ دەژمێردرێت، لە حاڵەتی زیندانیکردن و دەستبەسەراگرتن ئەنجام دەدرێت چ لەسەر کەسی زیندانکراو یان لایەنی سێهەم (واتە ئەشکەنجەدانی کەسێکی دیکەی نزیك لە کەسی زیندانی کراو بەمەبەستی زانیاری لێی)، ئەم کردارە بریتییە لە هەر کارێکی بە ئەنقەست کە ببێتە هۆی ئەوەی ئازارێکی زۆر بە کەسێکی دیاریکراو بگەیەنێت چ لە ڕوی جەستەیی یاخود دەروونیی، دەبێت ئەنجام گەیەندرابێت بەمەبەستی:

- وەرگرتنی زانیاری یان ئیعتراف وەرگرتن لە خۆی یان لە کەسی سێهەم.
- ئازاردان لەسەر کارێك خۆی یا لایەنی سێهەم کردبێتی یان گومانی کردنیان لێبکرێت.
- تۆقاندن و ملکەچ پێکردنی خۆی یان لانەی سێهەم.

ڕاهێنان

دەکرێت چەند شێوازێك لە توندوتیژیی بنوسیت؟

ئایا بڕوات بە توندوتیژیی هەیە لە بەڕێوەبردنی کارەکانتدا؟

ئایا مامۆستاکانت توندوتیژیی بەکاردەهێنن لە وتنەوەی وانەکانیاندا؟

ژن و پیاو لە مافدا یەکسانن

لــە بەشــێکی بەنــدی (٣)ی ڕێکەوتنامــەی تایبــەت بــە مافــە ئــابوریی و کۆمەڵایەتییەکان هاتووە: (دەوڵەتـە لایەنـدارەکان لـەم بەڵێننامـەی ئێـستادا بەڵێن دەدەن بە یەکسانی مافی ژن و پیاو دەستەبەربکەن).

ژن و پیاو لە بنەڕەتدا دەبێت لە ماف و ئەرکدا یەکسان بن، ئەو جیاکارییـەی ئێستا لە بەشێك لـە کۆمەڵگـەی مرۆڤایەتیـدا پیادەکرێـت دەسـتکردی مـرۆڤ خۆیەتی و ئەزەلی نییە، دەبێت ژن و پیاو بە یەکسانی بەشداری چالاکانەیان هــەبێت لــە بــەڕێوەبردنی ژیانیانــداو بەیەکــسانی دەرفــەت لەبەردەمیانــدا بڕەخسێنرێت لە گشت بوارەکانی ژیاندا وەك (کارکردن، بەشداری سیاسـیی، بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی).

راهێنان

١- ئایا باوەڕت وایە کە ژن و پیاو لە مافدا یەکسانن؟

٢- ئایا دەبێت دەرفەتی یەکسان بۆ کارکردن و وەرگرتنی پلەوپایە لە نێوان ژن و پیاو هەبێت.

٣- ئایا باوەڕت وایە کە ژن و پیاو لە مافە سیاسییەکانیاندا وەك مافی هەڵبژاردن یەکسانن؟

٤- ئەو هۆکارانە چین کە دەبنە هۆی جیاوازیکردن لە نێوان ژن و پیاودا؟ باوەڕت پێیان هەیە.

چیرۆك:

لەکاتی سەردانی مام حەسەن بۆلای پزیشك ئەم گفتوگۆیە روویدا:

پزیشك: حاجی بەخێربێت، ناوت چییە؟ خەڵکی کوێیت و کارت چییە؟

مام حەسەن: ناوم (مام حەسەن)ە، خەڵکی دێهاتم، ئیشم ئاژەڵداریی و جوتیارییە، خێزانەکەم ناوی (رەحمە)یەو نەخۆشە.

پزیشك: (رەحمە خان) چیتە؟

رەحمە خان: هەموو گیانم دێشێ.

پاش پشکنین، پزیشك وتی: هۆی نەخۆشیەکەت هیلاکیی و ماندوو بوونە.

مام حەسن هەڵدەداتێ و دەڵێ: خێزانەکەم ژنیماڵەوەیەو کارناکات، ئیتر بەچی هیلاك دەبێت.

پزیشك: چەند منداڵتان هەیە؟

مام حەسەن: ٩ منداڵ.

پزیشك: (ڕەحمە خان) ڕۆژ چۆن بەسەر دەبەیت و بەیانی کەی هەڵدەستیت؟
ڕەحمە خان: بەیانیان پێش مەلابانگدان هەڵدەستم، مەڕو ماڵاتەکەمان دەردەکەم و گەوڕەکەیان پاك دەکەمەوە، دوایی چاپی لێ دەنێم و بەرچایی دەدەم بە منالان، پاشان مەشکە دەژەنم و ماڵ پاك دەکەمەوەو جل و بەرگ دەشۆم، ئاو لە کانی دەهێنم و نانی نیوەڕۆ ئامادە دەکەم و دەیبەم بۆ مام حەسن بۆ سەر کار.

پزیشك: تۆ نیوەڕوان ناچیتەوە بۆ ماڵ؟

مام حەسەن: نەخێر لەو دەشتە خەریکی بژار کردنم.

پزیشك: دوای ئەوە چی دەکەیت.

ڕەحمە خان: پاش هاوکاریی کردنی مام حەسەن لە بژار ئەگەڕێمەوە بۆ ماڵ، نانی ئێوارە ئامادە دەکەم. شەویش پاش گەڕانەوەی ئاژەڵەکان دەیاندۆشم.

پزیشك: مام حەسەن، تۆ ناڵی ژنەکەم کاری نییەو کار ناکات؟!

مام حەسەن: ئاخر ژنی ماڵەوەیە!!! ئیشی چی دەکات؟

پرسیار:

١- بەرای ئێوە ئەو ژنە کار دەکات یان بێ کارە؟ چەند سەعات کار دەکات؟

٢- چی وای لەمام حەسەن کرد کە بڵێ ژنەکەم بێ کارە؟

٣- بەراورد بکە لە نێوان کاری مام حەسەن و کاری خێزانەکەی؟

٤- ئایا پیاوان کاری ماڵەوە دەکەن؟ ئەو کارانە چییە کە دەیکەن؟

٥- هەست دەکەیت لە خێزانەکەتدا جیاکاریی لە نێوان کچ و کوڕدا هەیە؟

جیاوازیی نەكردنی لەبەردەم یاسادا

بەو پێیەی مرۆڤ بوونەوەرێكی كۆمەڵایەتییەو بەتەنها ناتوانێت بژیو دەبێت لە كۆمەڵگەدا بێت، پێویست دەكات رێكخستنی پێوەندییەكانی (ئەرك و ماف) لە چوارچێوەی یاساو داب و نەریتەكاندا رێكبخات.

یاسا، كە پێوەندیو هەڵسوكەوتی هاووڵاتیان دیاریی دەكات و رێكیان دەخات، پێویستە گشتێبێ و لەسەر هیچ بنەمایەك جیاوازیی لە نێوان كەسێك و كەسێكی دی دانەنێ. جیاوازیكردن دەبێتە هۆی پێشێلكردنی ئەم مافە لەلایەك و لەلایەكی تریشەوە گیانی ناكۆكی و بەگژداچوونەوە بەرپا دەكات و پشێوی دەخاتە وڵاتەوە.

لە هەموو وڵاتێكیشدا پێویستە یاسا سەروەر بێت، واتە كەس لەسەرو یاساوە نەبێت یاسا جیاوازیی نەكات لە نێوان مرۆڤەكان، بەندەكانیشی پارێزەری مافەكان بێت نەك پێشێلكار.

لەبەر گرنگی ئەم مافە جارنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ لە چەند بەندێکدا جەختی لەسەر کردووەو دەڵێت:

هەر کەسێك لە هەر شوێنێك بێت مافی دانپێدانانی کەسایەتی یاسایی هەیە، هەموو مرۆڤێك لەبەردەم یاسادا یەکسانەو مافی ئەوەی هەیە کە چوونیەك و بێ جیاوازیی لەلایەن یاساوە بپارێزرێت.

راهێنان

– ئایا یاسای وڵاتەکەت یەکسانی نێوان هاووڵاتیان دەستەبەر دەکات؟

– هەست دەکەیت رێنماییەکانی خوێندنگەکەت جیاوازیی لە نێوان خوێندکاراندا دەکات؟

قوتابیان ئەم چیرۆکە چەند جارێك دەخوێننەوە (دەکرێت بە درامایەك).

خاتوو رۆزا پارکسی خەڵکی شاری مۆنتگمری ویلایەتی ئەلەبامای ئەمریکایەو کاری بەرگ دروو بوو...رەش پێست بوو...

لە ١٩٥٥/١٢/١، لەناو شاری مۆنتگمری ئەمەریکا سواری پاسێك بوو، خاتوو رۆزا مل کەچ نەبوو بۆ یاسای (جیم کرۆ) کە دەبوایە رەشپێستەکان کورسییەاکیەن کە لەسەری دانیشتوون بۆ سەرنشینێکی سپی پێست چۆڵ بکەن، خاتوو رۆزا بە تۆمەتی شکاندنی ئەو یاسای جیا کردنەوەیە دەسگیرکرا... بەهۆی ئەم رووداوە کێشەی (بایکۆتی پاسەکانی مونتگمری) بەرپا بوو.

هەواڵی گرتنی رۆزا پارکس لەناو شاردا بڵاوبووەو رەشپێستەکان هەندێك چالاکیان دژی یاسای (جیاکردنەوەی رەش و سپی) ئەنجام دا، مارتن لوسەر

کینگ کە وەزیر بوو پشگیریی ئەو چالاکیانەی کرد یەکێك لەو چالاکیانە ئەوە بوو رەشپێستەکان بریاریاندا سواری پاس نەبن و بەپێ هاتووچۆ بکەن...

کۆمپانیای هاتوچۆ لـە ٦٥٪ ئیشی لەدەست دا شـۆفێرەکانیان لەسـەر کـار لابـران، بـەم شـێوەیە ململانێیـەکی ئاشـتیانەی دوور لـە توندوتیـژیی بـۆ پیادەکردنی مافی مرۆڤ دەستی پێکرد.

بە ساڵی ١٩٥٦ دا دادگای بـاڵای ئـەمریکا ئـەو یاسـای جیاکـەرەوەی رەش و سـپییەی بـە پێـشێلکردنی دەسـتوور دانـا. کۆمپانیـای هاتوچـۆی شـاری مونتگمری رازی بوو شوفێری رەش پێست دابمەزرێنێت و بیخاتـە سـەرئیش. بە یەکسانی و بێ جیاوازیی مامەڵەی لەگەڵ هەموو سەرنشینەکاندا کرد.

پرسیار:

رات چییە بەرامبەر گرتنی رۆزا؟

رەش پێستەکان لە شاری مونتگمری داوای چ مافێکیان دەکرد؟

تـۆ هەڵوێـستت بەرامبـەر ئـەو یاسـایە چـۆنە؟ ئایـا ئامـادەی پـشتگیری یـا ململانێی ئەو جۆرە یاسایە بکەیت؟

رەشپێستەکان بۆ سەندنی مافەکانیان شـێوازی چـەکدارانەیان هەڵبـژارد یـان شێوازی ململانێ ئاشتی؟ تۆ کام شێوازە پەسەند دەکەیت؟

هـیچ جـۆرە رووداوێکـی وات بیـستووە کـە لـە وڵاتەکەتـدا لەبـەردەم یاسـادا جیاوازیی لە نێوان هاووڵاتیاندا هەبێت.

مافی موڵکداری

بەندی (١٧):

هەموو کەسێك مافی موڵکدارێتی هەیە چ بە تەنها یاخود هاوبەش لەگەڵ خەڵکی تردا نابێت بە رەمەکی موڵك لە هیچ کەس بسەنرێتەوە.

به دەستهێنانی موڵك و ماڵ بەشێکە لە پێویستییەکانی ژیان و بۆ درێژەدان بە گوزەرانی مرۆڤ. واتا بەکارهێنانی ئەو شتەی خاوەنداریتی دەکرێت بۆ بەرژەوەندی مرۆڤ، بۆیە سەرەتاترین مافی مرۆڤ ئازادییە لە موڵکداریەتی نەگواستراوەکان و گواستراوەکان، بۆی هەیە بەکاری بهێنێت و سوودی لێ وەربگرێت لێرەشدا یاسا رۆڵی رێکخەر دەبینێت بە جۆرێك کە پاراستنی یاسایی بۆ مافی موڵکدارێتی دابین دەکات و لە دەستدرێژیی دەیپارێزێت.

چالاکی:

مامۆستا، لەوانەی مافی مرۆڤدا بەندی (١٧) جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤی بۆ خوێندکاران شی دەکردەوە کە تێیدا هاتووە: (هەموو کەسێك یان خێزانێك مافی موڵکدارێتی تایبەتی خۆی هەیە) روونی دەکردەوە کە هیچ دەسەڵاتێك ناتوانێت موڵکی هیچ کەسێك زەوت بکات.

خوێندکارێك دەستی هەڵبڕیو وتی: (کوا مامۆستا وایە؟ ئێمە خەڵکی کەرکوکین! حکومەتی عێراقی موڵك و ماڵی لێ داگیرکردین).

خوێندکارێکی تر... سەدان گوندیان رووخاندو هەزارەها ماڵیان ئاوارە کرد.

مامۆستا: ئەوانەی ئێوە دەیڵێن هەمووی راستە، بەڵام دەبێت بزانن هەموو ئەو کارانە پێشێلکردنی تەواوی مافەکانی ئێوە بووەو رۆژێك دەبێت هیچ

مافێك لە مافەكانتان پێشێل نەكرێت و قەرەبووی تەواویش لـە بەرامبـەر ئـەو پێشێلكارییانە بدرێت.

پرسیار:

١- ئایا مرۆڤ تەمەنی هەر چەند بێت، مافی موڵكداریی هەیە؟؟

٢- دەكرێت بە هەر بیانوویەك موڵكی كەس زەوت بكرێت؟

٣- دەوڵەت دەتوانێت بە هەڕەمەكی موڵكی هاووڵاتیان داگیر بكات؟

٤- چۆن قەرەبووی پێشێلكردنی ئەم مافە بدرێتەوە؟

مافی گەل و نەتەوە

لە دیاری کردنی چارەنووسدا

کۆمەڵگـەی مرۆڤایـەتی لـە نەتـەوەی جیـاواز پێکـدێت، زۆر لـە نەتـەوەکان خـاوەنی قەوارەیـەکی سیاسـیین کـە پێـی دەوترێـت دەوڵـەت. هەنـدێ لـە دەوڵـەتان زیـاتر لـە نەتەوەیـەکی تێدا دەژی، بـەپێی پەیماننامـەی نەتـەوە یـەکگرتووەکان هـەموو گـەلێك مـافی دیـاریکردنی چارەنووسـی خـۆی هەیـە، دەبێت زەمینەی لەباری لەبەرمەدا بڕەخسێت تا بتوانێت قەوارەی سیاسـیی، ئابووریی و کۆمەڵایەتی خۆی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا دروست بکات.

راهێنـان

مامۆستا خوێندکارانی پۆل دابەش دەکات بەسەر سێ گروپدا، بەم شێوەیەی خوارەوە:

گروپی یەکەم: گروپی سەربەخۆیی.

گروپی دووەم: گروپی فیدراڵی.

گروپی سێیەم: گروپی مافی مرۆڤ.

هەر گروپە ئەم کارانـە ئـەنجام دەدات: گروپـی سـەربەخۆیی، ئـەم هۆکارانـە روون دەکاتــەوە کــە بۆتــە هــۆی هەڵبــژاردنی بیرۆکــەی ســەربەخۆیی بــۆ گەلەکەیان.

گروپی فیدراڵی، ئەو هۆکارانە روون دەکاتەوە کـە بووەتـە هـۆی هەڵبـژاردنی شێوەی فیدراڵیی بۆ گەلەکەیان.

گروپـی مـافی مـرۆڤ: ئـەو بەڵگەنامـەو رێککەوتننامانـە روون دەکاتـەوە کـە پشتگیریی لە دیاریکردنی مافی چارەنووسی گەلان دەکات.

لـەکۆتایی گفتوگـۆدا شـێوازی ریفرانـدۆم لـە نێـوان هـەموو خوێندکارەکانـدا جێبەجێ دەکرێت، بە ئامانجی دیاریکردنی چارەنووس.

مافی ژینگه خاوێنی (ژینگه پارێزیی)

ژینگه، یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی بوون و پێویستە بۆ بەردەوامی ژیان پارێزگاری بکرێو خاوێن راگیرێ. ژینگه، بۆ هەمووانەو بە موڵکی مرۆڤایەتی دادەنرێ و بەشی هەرە زیندەوەرێکی پێوەیە. بۆیە مافی خۆمانە داوای خاوێن راگرتنی بکەین و نەهێڵین بە شێوەیەکی نەشیاو بۆ بەرژەوەندی ئەو کارگەو دەوڵەتانە بەکاربهێنرێ کە لە گیرفان پڕکردن و بەرژەوەندی خۆیان زیاتر، بیر لە ژیانی وەچەکانی دواتر ناکەنەوە.. ژینگە، گشت سەرچاوە سرووشتییەکان، "ئاو، هەوا، خاك، کانزا، زیندەوەرو، هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لە ژێر خاك و لە ئاسماندا هەن". هەر یەك لەوانە سەرچاوەیەکی سەرەکی ژیانەو پیسبوون و شێواندنیان کاری خراپی بۆ مرۆڤایەتی لێدەکەوێتەوە.. دۆزینەوەی سەرچاوەکانی وزە "هێزی بوخار، خەڵووزی بەردین، باروود، کارەبا، نەوت و ئەتۆم و ...هتد" و بە کارهێنانیان لە بوارە جیاجیاکانی پیشەسازیداو دواتریش لە دروستکردنی چەك و گەلێ جاریش هەولّی زلهێزەکانی ئەو کاتەو ئێستا بۆ دەستبەسەراگرتنی ئەو ناوچانەی، یەکێك یان چەند سەرچاوەیەکی وزەی تیادایە، شەڕو شۆڕێکی زۆر بەرپادەبێ و هەمە جۆر چەك تیایدا بەکاردەهێنرێ و یەکبینەش سڵ لە دروستکردنی چەکی قورس و ناهەموارترو بەکارهێنانیان ناکەنەوە، بێگومان ئەوەش پیسکردنی ژینگەی لێدەکەوێتەوە...

زۆربوونی مرۆڤو پەرەسەندنی بازرگانی نێوان وڵاتان و بوونی گۆی زەوی بە بازاڕێکی گەورە، هاتوچۆو سەفەرکردن بۆتە کارێکی رۆژانەو بەهۆی بەکارهێنانی "ئۆتۆمۆبێل، شەمەندەفەر، پاپۆڕ، فڕۆکە...هتد"، کە هەریەکە بەشی خۆی وزە بەکاردەهێنێو ژینگە پیستر دەکات و لە رووی

تەندروستییەوە زیانێکی زۆر بە زیندەوەر، کە مرۆڤ یەکێکیانە دەگەیەنێ...لە زۆربەی وڵاتانی دونیای پێشکەوتوودا، کە پیسبوونی ژینگە بۆتە کێشەیەکی گەورەیان، هەوڵدەدەن لەناو شارەکاندا کەمتر ئۆتۆمۆبێل بەکاربهێنرێن، ساڵانە رۆژێك بۆ لێنەخوڕینی ئۆتۆمۆبێل تەرخاندەکەن، باجی ئۆتۆمۆبێل زیاد دەکەن، دانانی ئۆتۆمۆبێل لە شوێنی تایبەتی خۆیدا گران دەکەن، هانی خەڵکی دەدەن کە تا بتوانن پایسکل لە ناو شارەکاندا بەکاربهێنن، هاتوچۆی ئۆتۆمۆبێل لە ناوەندی شارەکاندا قەدەغە دەکەن...

ئەی تۆ چی بۆ کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە پێشنیار دەکەیت؟

رۆژانە، هەر خێزانە خۆی لەبەرماوەو پیسی ماڵەکەی رزگاردەکات. وەك دەزانین، شارەوانی ئەو پاشماوانە خڕدەکاتەوەو لە شوێنێکی دوورە شاردا، یان دەسووتێنێ یان کەڵەکەی دەکات و دواتر ئەوەش دەبێتە کێشەیەکی دی پیسکردنی ژینگە... کاتی سووتاندنی، لەوانەیە گەلێك شتی تیادابێ سووتانەکەی شتی خراپی لێبێتەوەو زیانی گەورە بە تەندروستی بگەیەنێ. بۆیە هەندێ وڵات، لە بەشی خاوێنی ژینگەی شارەوانی شارەکانیاندا، بە خۆڕایی سندوق بەسەر خێزانەکاندا دابەش دەکەن و رێنماییان دەکەن تا ئەو شتانەی لە ئەنجامی سووتاندنیدا جۆرە گازێکی ژەهراوی و ترسناکی لێدەردەچێ، بخەنە ئەو سندوقەو رۆژێکیش بۆ کۆکردنەوەیان دیاری دەکرێ، تا بە جۆرێك لەناو ببرێن زیان بە زیندەوەر نەگەیەنێ...هەندێ وڵاتی سەر دەریا، پیسییەکان دەکەنە دەریاوەو ئەوەش زیانێکی زۆر بە زیندەوەرانی ناو دەریاکە دەگەیەنێ. لای خۆشمان، هەندێکەس بۆ راوە ماسی نارنجۆك دەخەنە چەمەکانەوەو چی ماسی لەو شوێنەدا هەیە، بە گەورا وردەکانیشیانەوە دەکوژن! جار هەیە، ئەگەر لەبەر هەر هۆیەك زبلکۆکەرەوە

له کاتی خۆیدا نەگات، بەشێك لە دانیشتوانی گەڕەك، بێ ئەوەی گوێ بدەنە کەس زبڵەکەیان لە کەلاوەیەکی گەڕەکەکە فڕێدەدەن!! تۆ لەو رووەوە دەڵێی چی؟ بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی لەو جۆرە پێشنیارت چییە؟

کارگە پیشەسازییەکان، جگە لەو گازەی لە هەوادا بڵاوی دەکەنەوە، لە ناوبردنی پاشماوەکانیشیان، بۆتە گرفتێکی گەورەو پێویستی کاری بۆ بکرێ...

بوونی کارگە لە نزیك شارو شارۆچکەو گوندەکانەوە، زیانێکی زۆر بە دانیشتوانی ناوچەکە دەگەیەنێ، بۆیە پێویستە کارگەکان ئەوەندە لە گەڕەك و ماڵانەوە دووربن زیانیان پێنەگات.

له هەموو ئەوانەی سەرەوە گرنگتر، ئەو کارگانەن کە لە بواری ئەتۆم و کیمیاگەریی و هەندێ شتی لەو بابەتانەدا کاردەکەن، ئێستا پاشماوەی ئەم کارگانە بوونەتە کێشەیەکی گەورەی مرۆڤایەتییو چەندین رێکخراوو حیزب بۆ رێزگرتن لە بوونی ئەو جۆرە کارگانە پەیدابوون. حیزبی سەوز لە زۆربەی وڵاتە ئەوروپاییەکاندا هەیەو بەگژ ئەو کارگەو حکومەتانەدا دەچنەوە کە پاشماوە ترسناکەکانی کارگەکانیان دەخەنە ژێر زەوی یان دەریاوە...

ژینگەپارێزی وەك مافێکی مرۆڤ، کە لەگەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵگەو پیشەسازییدا سەری هەڵداوە، گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە مەسەلەیەکە سەرجەم مرۆڤایەتی دەگرێتەوە. ئێستا بایەخێکی لە ڕادەبەدەری پێدەدرێ و تا دێت خەڵکی زیاتر بە پیرییەوە دەچن.. ئەی تۆ نابیتە یەکێك لەو پشتگیریکەرانە؟

راهێنان

سەرچاوەكانی پیسكردنی ژینگە كامانەن؟

ئایا هەمووان لە پاراستن و خاوێن راگرتنی ژینگە بەرپرسیار نین؟

تۆ بۆ خاوێن راگرتنی چی بە پێویست دەزانیت كە تاكە كەس بیكات؟

رات چییە بەرامبەر بە بوونی دام و دەزگای ژینگە پارێزیی كە كاریان پاراستنی ژینگەیە؟

هەڵوێستت چییە بەرامبەر بەو لایانانەی كە بە شێوەی جیاواز ژینگە پیس دەكەن؟ پێت وایە دەبێت لێپرسینەوەو سزای یاسایی بدرێن؟

چەند پەیامێکی سەلامەتی بۆ خۆپاراستن لە مین و تەقەمەنی

بەبێ پرسیار کردن مەچۆ بۆ ناوچەیەک کە شارەزا نەبیت

بەرد و شتی دیکە بۆ مین و تەقەمەنی مەهاوێژە

یاریکردن بە تۆپ شیاوترە لە یاریکردن بە چەکی منداڵان

یاری بە مین و تەقەمەنی و دەمانچە مەکە
یاری تۆپی پێ بکە

چەند ڕێنمایەکی گرنگ

پێش دەرچونت لە ماڵ:

- هەوڵبدە زانیاری تەواو و دروست لە کەسانی شارەزا وەربگریت سەبارەت بە بوونی مین و تەقەمەنی لەو ناوچەیەی بۆی دەچیت.
- ئاگاداری کەسانی نزیکت بکەوە سەبارەت بە دەرچوونت.
- ئەگەر چوویتە گوندێك یان ناوچەیەکی دیکە پرسیار لە ئەنجوومەن یان کەسانی شارەزا بکە.
- بۆ ئەنجامدانی کارێك لە شوێنێك کە شارەزای نیت باشتر وایە کەسێکت لەگەل دابێ.
- پێویستی وەك مۆبایل و ئاو و خواردن لەگەڵ خۆت ببە.
- پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەیت کە مۆبایلەکەت تەواو بارگاوی (شحن) کرابێت ، یەکەی پێویستیشت هەبێت.

لەکاتی رۆیشتن و ئەنجامدانی کار:

هیچ چالاکیەك لە ناوچە مەترسیدارەکان ئەنجام مەدە.

زۆر بەوردی و وریایی سەیری دەورو بەری خۆت بکەو سەرنجی نیشانەکانی ناوچەی مەترسی دارەکان بدە.

بەو رێگایانە برۆ کە خەلك بەکاریان هێناوە واتە رێگای گشتین

لە کاتی رۆیشتندا لە دوای یەکدی برۆن و ماوە لە نێوانتان هەبێت.

ئەگەر گومانت لە رێگایەك یان ناوچەیەك هەبوو پێیدا مەرۆ.

هەول بدە بەرلە تاریك بوون بگەرێیتەوە ماڵەوە.